تورکیا: میدیاکان لەدوانەکانی فیدانیان شواندووە و پشتگیری لە یەکپارچەیی خاکی عیراق دەکەین



ئەمە چوارشەممە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند: لەدوانەکانی هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە لەلایەن هەندێک دەزگای ڕاگەیاندنەوە شێوێندراوە، جەختیشیکردەوە: وڵاتەکەی پشتگیری لە یەکپارچەیی خاک و سەروەریی عیراق دەکات.

ئەنجو کێچلی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە لەدوانەکانی هاکان فیدان دەربارەی عیراق، کە ئاژانسی موتەلع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند: "هەندێک لەو لەدوانانەی کە هاکان فیدان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە ٩ی شوباتی ٢٠٢٦ دابووی، لەلایەن هەندێک لە میدیاکانی عیراقەوە شێوێندراون."

وتەبێژەکە وتیشی: "لە هەموو بۆنەیەکدا جەخت دەکەینەوە کە ئامانجمان بەرەوپێشبردنی هاوکارییە دامەزراوەیی و بونیاتنەر و بەرهەمدارکانمانە لەگەڵ عیراق لە بواری جیاوازکاندا، لەوانەش ئاسایش و بەرگریبوونەوەی تێرۆر لە قەناغی داهاتوودا." ئاماژەی بۆشکرد: مەبەستی فیدان لەو لەدوانانە تەنها ڕاکێشانی سەرنج بووە بۆ ئەو هێرشەیەی کە ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەر یەکپارچەیی و ئاسایشی عیراق دروستی کردووە، بەتایبەت لە ناوچەکانی شنگال، مەخموور و قەندیل.

هەروەها ڕایگەیاند: "ئەمە شێواندنی لەدوانەکانی وەزیر فیدان لەلایەن هەندێک لایەنەوە دەتدەکەینەوە،

کە مەبەستیان بووە قسەکان لە چوارچێوەی خۆی دەربهێنن و وەک دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەنای بکەن." دووپاتیشیکردەوە: "تورکیا وەک وڵاتێکی دراوسێ، پشتگیری لە یەکپارچەیی خاک و سەروەریی عێراق دەکات."